ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بەشداری گردبونەوەی ئیدانەکردنی هێرشەکانی سەر غەززە کرد

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بەشداری گردبونەوەی ئیدانەکردنی هێرشەکانی سەر غەززە دەکات.

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە (18ـی تشرینی یەکەمی 2023)، سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی بەشداری کرد لە گردبونەوەی سەرکۆنە کردنی هێرشەکانی سەر غەززە کە لەلایەن ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئاینی شاری سلێمانی ساز کرابوو.

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لە لێدوانەکدا جەختیکردەوە کە دڕندانەی قەوارەی داگیرکرای زایۆنی (ئیسرائیل) زۆرتر دەرکەوت و لە هەمان کاتدا ئەوەش بۆ جیهان ڕوون بویەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆژئاوا چەند درۆ دەکات لەگەڵ دروشمەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی، نەك چاوپۆشی دەکات لە کاولکردنی شار و لادێکانی غەززەو کۆمەڵکوژی دانیشتوانەکەی بەڵکو هێشتا ئیسرائیل بە مەزڵوم دەزانێت، هەروەک چۆن باسی لێوە کرد.

سەلاحەدین بەهائەدین وتیشی: ئەمە لە کاتێکدا دڵنیایین لە سەرکەوتنی هەق و هەقانیەتی دۆزەکە، دەزانین جەنگی موقەدەسات و پیرۆزییەکانی ئوممەتی ئیسلامەو بەرگرییە لە مافی زەوتکراوی گەلێکی چەوساوە.